www.kurdistannet.org

# له دارتەرمەوە بۆ دۆزەخ

حەمەسەعید حەسەن

شیعریش وەک ئایین لەگەڵ زانستدا ناکۆکە، بەڵام شیعر وەک ئایین وەڵامی پێ نییە، پرسیار دەورووژێنێ. ئایینیش وەک شیعر قسە لەتەک هەست و سۆزدا دەکا، نەک لەگەڵ عەقڵدا. ئایین و شیعر زادەی خەیاڵن، بۆیە لە ڕوانگەی لۆجیکەوە سەرنجیان نادرێ.

شیعر دەشێ ڕەنگدانەوەی نامۆیی ئینسان بێ، وەلێ ئایین، ئینسان لە خۆی نامۆ دەکا، ئاخر ئایین کارێ دەکا مرۆڤ کرۆکی خۆی بە خوا ببەخشێ. گەلێ جار ئایدۆلۆژیاش هەمان ڕۆڵ وازی دەکا. کەم نین ئەوانەی بڕوایان بە ئایین نییە، کەچی کۆیلەی ئایدۆلۆژیان. لای ئەوانە سەرۆک جێی خوا دەگرێتەوە.

ئایدۆلۆژیا کۆسپە لە بەردەم پەرەسەندنی ژیاندا، ئایین کۆسپێکی دژوارترە. لای ئێمە ڕەوتاری لایەنگرانی دەسەڵاتی ئیسلام هێندە دڕندانەیە، خەڵکی، ڕژێمە سەرکوتگەرەکانی لەوان پێ باشترە. بە گوێرەی دەقی قورئان، خوا محەمەدی بۆ ئەوە ناردووە، ڕێگای ڕاست نیشانی ئەو خەڵکە بدا، نەک فەرمانڕەواییان بکا.

ئەوی ڕەخنەی لە ئاسمان نەبێ، لە زەمینیشی نییە، لە ئایینی نەبێ، لە یاساشی نییە، لە شەریعەتی نەبێ، لە سیاسەتیشی نییە. ئایین کە دەبێتە ئایدۆلۆژیا و چاو دەبڕێتە دەسەڵات، ئیدی دژایەتیکردنی دەبێتە کارێکی پێویست، ئەگەرنا وەکوو تاک، هەر کەسێ کام ئایین هەڵدەبژێرێ و کڕنووش بۆ کام خوداوەند دەبا، خۆی سەربەستە.

ئەگەر دژی دەسەڵاتی ئیسلام کاری مەزن ئەنجام نەدرێ، نەریتی مردووەکان هەر باری دژواری سەرشانی زیندووەکان دەبێ. چونکە لە کۆمەڵگای ئیسلامدا شتێک نییە ناوی سکانداڵ ‹ڕیسوایی› بێ، شەریعەت دەتوانێ دزێک بهێنێ و بیکا بە قازی. ئێستا کە ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان دڕندەترن لە جاران، ئەوە نیشانەی لاوازییانە، نەک بەهێزی، ئاخر فۆکۆ گوتەنی: ‹دەسەڵات تا لاواز بێ، خۆی بە بەهێزتر نیشان دەدا.›

‹ژن لە سایەی ئیسلامدا پێش سەفەری بۆ گۆڕستان، لە دارتەرمدا دەژی.› لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ژن کۆیلەی پیاوە، بۆیە دەبێ هەمیشە بێ چەندوچوون گوێڕایەڵی مێردی بێ، ئاخر مارەبڕین جۆرێکە لە کۆیلایەتی، وەلێ ئەو پیاوەی گوێڕایەڵی ژنەکەی بێ، بە ئاگری دۆزەخ دەسووتێ و هەر کۆمەڵێکیش ژن ڕێبەری بێ، سەرکەوتنی مەحاڵە، بۆیە بە پێچەوانەی خواستی ژنەوە ڕەوتارکردن، مایەی پیت و فەڕە.

محەمەد هەمیشە لە خوا دەپاڕایەوە، لە بەڵای ژن و ئەشکەنجەی گۆڕ بیپارێزێ و پێی وابوو بەدترین بەڵا لە دوای خۆیەوە جێ بمێنێ، ژنە. ئیمامی غەزالی وای بۆ دەچوو، وەک چۆن لەناو سەد قەلەڕەشدا، قەلێکی سک سپی هەیە، هەرواش لەناو سەد ژندا، ژنێکی چاک هەیە و دەیگوت: مەگەر تەنیا گۆڕ خەوشەکانی ژن دابپۆشێ. لای ئەم ژن تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی پیاو لەدایک بووە، بۆیە ئەو کاتانەی کە ‹خوێنیشی شەپۆل دەدا،› پێویستە ئامادە بێت، بە دەست و پەنجەکانی ماری ئاڵۆشی مێردەکەی خپ بکات.

www.kurdistannet.org

عەباسی کوڕی ئەحنەف دەڵێ:

وما الناس الا العاشقون ذوو الهوی

لا خير فی من لا يحب و يعشق

کەچی بە لای محەمەدەوە ‹کە دژی المواقعە بوو، پێش الملاعبە و کە عائیشەی ماچ دەکرد، زمانیشی دەمژی،›(١) وردبوونەوەی پیاو لە جوانیی ژن، تیرێکە لە تیرەکانی ئیبلیس و کە ژن و پیاوێک لە شوێنێ دوو بە دوو پێکەوە دەبن، هەمیشە شەیتانیشیان لەگەڵدایە.

ئەگەرچی ئەوی دڵداری نەکردبێ، ژیانی لە کیس چووە، کەچی لە تێڕوانینی ئیسلامەوە ئافرەت مافی دڵداریکردنی نییە، وەلێ پیاو دەتوانێ چوار ژن مارە بکا. ‹ڕێکەوتووە محەمەد هاوزەمان یازدە ژنی هەبووبێ.› جێی سەرنجە لەو سوورەتەشدا کە ناوی ژنانە، خوا ڕووی دەمی هەر لە پیاوە. دیارە ژن زۆر لەوە کەمترە کە خوای مەزن ڕاستەوخۆ ئامۆژگاریی بکات!

محەمەد ‹زەید›ی زرپ و زیندووی ناچار کرد، زەینەب تەڵاق بدات و خۆی مارەی کرد، کەچی بە گوێرەی دەقی قورئان، کەس بۆی نەبوو یەکێ لە ژنە زۆر و زەبەندەکانی ئەو دوای مردنیشی بخوازێ: ‹وما کان لکم ان تؤذوا رسول الله ولا ان تنکحوا ازواجه من بعده.›

محەمەد بێجگە لە دەرزەنێ ژن، لای کەم دوو کەنیزەکیشی هەبووە: ماریا و ڕێحانە، کە نەک هەر لەتەکیاندا دەنووست، بەڵکو کوڕێکیش کە ناوی نا ئیبراهیم و هەر بە منداڵی مرد، بەرهەمی پێوەندیی نێوانی خۆی و ماریا بوو. محەمەد ئەگەرچی زۆر حەزی لە ژن بووە، کەچی گوتوویەتی: ‹سەرنجی بەهەشتم دا، زۆربەی خەڵکەکەی هەژاران بوون، سەرنجی دۆزەخم دا، زۆربەی خەڵکەکەی ژنان بوون.›

‹.. يخرج من بطونها شراب... فيه شفاء للناس.. النحل ٦٩› شەراب لەو ئایەتەدا: هەنگوینە، بەڵام لێکدانەوەی دیکەیش هەڵدەگرێ و دەقە پیرۆزەکان بە گشتی، بە چەندین شێوەی جیاواز لێک دەدرێنەوە. ئاخر دەق تەنیا یەک مانای دیاریکراوی نییە، تا تەنیا یەک لێکدانەوەشی هەبێ. ئەدۆنیس گوتەنی: ‹قورئان تژییە لە پەخشانەشیعر،› یەکێ لە خەسڵەتەکانی ئەو دەقانەش کە بە زمانێکی باڵا دەنووسرێن، ئەوەیە، دەشێ خراپ لێیان حاڵی ببین.

‹١› الجنس عند العرب ص١٢ ج ١ منشورات الجمل ١٩٩١ کولن المانيا.

سەرچاوەکانی دیکە:

‹٢› الحريم السياسی النبی و النساء فاطمه المرنيسی ط٢ دار الحصاد ١٩٩٣ دمشق

‹٣› الجنس کهندسه اجتماعيه فاطمه المرنيسی ط٢ نشر الفنک ١٩٩٦ الدار البيضاء.

‹٤› الحب فی حضارتنا الاسلاميه فاطمه المرنيسی ط ١ الدار العالميه للنشر ١٩٨٤ بيروت.